# ڤین لە سویسرا
# بەهەشتە نازدارەکەی ئەوروپا

سویسرا – ئەمجەد محەمەد







لە چوارچێوەی گەشتێکی دیراسی بۆ وڵاتی سویسرا لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی عێراقی بە جیاوازی نەتەوە و زمان و ئاین و مەزهەبەوە، بەمەبەستی تێکەڵ بوون لەگەڵ ژیان و ئەزموونی پێکەوەژیانی دەوڵەتێکی فیدراڵی چەند رۆژێکی پڕ لە سودمان بردە سەر. خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ ئەو گەشتە کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتی بۆ ئێمەی نقوم بوو لە دواکەوتوویی تەکنۆلۆژی و پێکەوەژیان.

جیاوازییەکان لەنێوان ژیانی ئێمە و ژیانی ئەوان زۆر زۆرن، هەر لەو فڕۆکەیەوە دەستپێدەکات کە تۆ دەگوازێتەوە بۆ ئەو وڵاتە. فڕۆکەی عێراق بۆ عەممان لەچاو فرۆکەی گەیشتن بە سویسرا زۆری جیاوازە، فرۆکەی عێراقی دەتوانی بڵێیت وەك پاصێکی ریم وایە بە ئاسماندا دەفڕێت و هەندێکجار تاسەشی دەکرد، بەلام فرۆکەی ئەوروپی یان ئەوەی بۆ ئەو وڵاتانەت دەبات تەواوی خزمەتگوزاری و ئاسانکاری تیا دەست دەکەوێت.

خەڵکی ئەو وڵاتە فێربوون ژیان و مرۆڤیان خۆشبوێت لەبەرئەوە تەواوی عەقڵ و تواناکانیان خستۆتە کار بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسانکاری و خزمەتی مرۆڤ، ئەوان مرۆڤیان پێ گرنگترە لە هەموو شتێك، دەتوانین بڵێین مرۆڤ تەوەرەی هەموو بیرکردنەوەکان و کرۆکی هەموو هەوڵەکان و ئامانجی هەرە سەرەکی هەموو کارو چالاکیەکانە. بە پێچەوانەی ژیانی ئێمەوە، ئەوان بە بەردەوامی بەدوای هۆکارەکانی باشترکردنی ژیان و ئاسانترین شێوەی گەیشتن بە پێویستیەکاندا دەگەڕێن، لەو بوارەشدا حساب بۆ وردترین هۆکار دەکەن.

ژیانی ئەوان رێکخراو و بەرنامەدارە و زۆر بەدەگمەن دەبینی کاتیان بە فیڕۆ بچێت و کات لە یەکتری تێکبدەن و کارەکانیان بەبێبەرنامەیی بێت، وەك ئەوەی لای خۆمان هەیە، سویسرییەکان ژیانیان وەك ئامێرێکی گەورەی وردەکار بە رێکوپێکی کاردەکات، مرۆڤەکان بەشێکن لەو ئامێرە کە سیستمێکی ئەلکترۆنی ئابوری هەڵیدەسوڕێنێ، ئەوەی بیەوێت بژی لە گەڵیاندا و لەناویاندا دەبێ ببێتە بەشێکی بچوك و دانەبڕاو لەو ئامێرە زەبەلاحە، تەماشاکردنی ئەو ئامێرە زەبەلاحە لە دیوی دەرەوە ، زۆر سەرنج راکێش و دڵرفێنە.

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانی وردبوو لەو وڵاتەدا ئەوەیە کە توانیویانە بە تەواوی کۆنترۆڵی جیاوازییەکان بکەن و لە چوارچێوەی دەستور و یاسا و رێککەوتننامەکاندا مافی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان مسۆگەر بکەن.. ئەوان قەناعەتیان وایە دیموکراسیەت واتای خۆسەپاندنی زۆرینە نییە بەسەر کەمینەدا بەڵکو دیموکراسیەت پاراستنی تەواوی مافەکانی کەمینەیە، ئەوان لە هۆشیاری و نەست و قەناعەتی تاکەکاندا ئەوەیان چەسپاندوە ئەگەر ٥١ ٪ یەکسان بێت بە ١٠٠٪ ئەوە واتای کوشتنی کەمینەیە .

سویسرا وڵاتێکی فیدراڵی ٢٦ هەرێمی توانیویەتی بە جیاوازییەکانەوە بژین کە ئەمانەن : ٦٠٪ ئەڵمان، ١٨٪ فەرەنسی ، ٨٪ ئیتالی ، ١٪ رۆمانی . لەڕووی ئاینیەوە٦٠٪ کاسۆلیکی : ١٨٪ پرۆتستانت

، ٤،٣٪ موسوڵمان ٠،٢٪ کاسۆلیکی کۆن، ٠،٢٥٪ جولەکە. لە رووی سیاسیەوە : ٦٠٪ حزبی گەلی سویسری، ٢٤٪ حزبی سۆشیال دیموکرات، ١٨٪ حزبی دیموکراتی لیبرالی، ١٤٪ حزبی دیموکراتی مەسیحی.

لەڕووی دابەشبوونی هەرێمەکانەوە چەند هەرێمێك کە زۆرینەی ناوچە دەشتەکانن و ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە، لەگەڵ ناوچە شاخاوییەکان کە ژمارەیان کەمە، بۆ وەرگرتنی هەر بڕیارێك یاخود هەر گۆڕانکارییەك لە دەستوردا دەبێ زۆرینەی خەڵك و زۆرینەی هەرێمەکانیش دەنگی بۆ بدەن، دانانی مەرجی زۆرینەی هەرێمەکان بۆ ئەوەیە کە مافی هەرێمە بچوکەکان پێشێلنەکرێت کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمترە.

ئەوەی جێی سەرنج بوو لە سیستمی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتەدا ئەوەبوو، کە خەڵك راستەوخۆ بەشداری سیاسی دەکات و دەنگی خەڵك بڕیار دروستدەکات و دەگۆڕێت و بەپێی دەستور خەڵك دەتوانێت داوای هەموو جۆرە گۆڕانکارییەك بکات کە بزانێت لە بەرژەوەندییدا نییە.

هەڵبژاردنی ئەندامانی شارەوانی یاخود پەرلەمانی هەرێم وە یان حکومەتی هەرێم لەسەر بنەمای پرۆژەیە و دەبێ ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵك دەدرێت جێبەجێبکرێت، بە پێچەوانەوە خەڵك هەرگیز بە چاوی حیزبی و نەتەوەیی و زمان و ئاین تەماشای کاربەدەستان ناکات، بەڵکو تەنها پێوەر لێهاتوویی و خزمەتکردنە بە خەڵك و ژیان ئاسانکردن و خۆشگوزەرانکردنە.

بەرپرسەکان لەناو خەڵکدان و جیانیین لە خەڵك، دەبینی کام بەرپرسە گەورەیە لەڕووی دەسەڵاتەوە، زۆر بە ساکاری بە شەمەندەفەر یان پاصی هێڵەکان دێت بۆ دەوامی خۆی، زۆربەی خەڵك بە پاسکیل هاتوچۆ دەکات، هەم وەرزشێکە و هەم ئاسانکارییە بۆ ژیان.

لەڕووی دابینکردنی ژیانەوە هەموو تاکێك ژیانی مسۆگەرکراوە، سیستمی دارایی رێکخراوە و ساڵانە بودجە دیاریکراوە بۆ هەموو شتێك، بە تەواوی شەفافیەت هەیە لە زانیاری لەسەر داهات و خەرجی وڵات و جۆری داهات و جۆری خەرج، لەڕووی جیاوازی هەرێمەکانەوە، هەستدەکرێت کە دەستور بۆ هەر هەرێمێك رەچاوی باروودۆخی ئەو هەرێمەی کردووە، بۆ نمونە هەرێمی « جورا » کە هەرێمێکە لە سنوری فەرەنسادا و زۆرینەی بە زمانی فەرەنسی قسە دەکەن، بەڵام بەشێکی بە ئەڵمانی قسە دەکەن، بەشە ئەڵمانییەکەی دەیەوێت « جورا » لەگەڵ هەرێمی « بیرن » بمێنێتەوە، بەڵام ئەوانیتر دەیانەوێت سەربەخۆبن، ئەمە گرفتێکە بەڵام بۆ چارەسەرکردنی هاتوون کۆمەڵەیەکی هاوبەشی ٢٥ کەسیان بۆ دروستکردووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەیان و بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیەی کە گرفتی لەسەرە، بەوشێوەیە بۆ هەموو گرفتێك چارەسەرێکی دەزگایی و یاسایی و دەستوریان بۆ داناوە.

ئەوەی ئێمە لە گەشتەکەدا هەستمان پێکرد، هێمنی ئەو وڵاتە بوو، جێگری باروودۆخەکەی بوو بە تەواوی کە ئەمەش رەنگی دابوویەوە لە واقیعی ژیانی مرۆڤەکانیدا کە زۆر بەکەمی هەڵچوون و شڵەژان و توڕەبوون و بێرێزی و رق و شکاندنی بەرامبەرت لێدەبینین، مرۆڤەکان تەواو هێمن و لەسەرخۆ و خەمساردن، کچ و کوڕیان بەیەکەوە دەگەڕان، بەکەمی کەسی تەنیات دەبینی، دەتوانین بڵێین لە سویسرا مرۆڤدۆستی و مرۆڤویستی گەیشتوەتە ئاستێکی تەواو قوڵ، بە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینانەی کەوا دەزانرێت خەڵکی ئەوروپا ژیانیان هەمووی خەریکبوونە بە سێکسەوە، ئەوەی تێبینیمان کرد وانەبوو، بەگشتی خەڵکی لەو وڵاتەدا پابەندن بە یاسا و بەهاکانەوە و سێکس وەك بەشێکی ئاسایی ژیان تەماشا دەکرێت و یەکێکە لە پێداویستیەکانی مرۆڤ و ناکرێ هەموو خەون و خولیای مرۆڤ ئاراستەی ئەو بەشە بکرێت، کچان و کوڕان لەوێ دەبنە هاوەڵی یەکتری بەڵام وەك دوو مرۆڤ مامەڵە دەکەن ، نەك وەك ئاگرو بەنزین.

پاش ئەو هەموو جوانیانەی کە ئێمە هەستمان پێکرد لەو وڵاتەدا پرسیاری گرفتەکانمان کرد لەوەڵامدا بەرپرسێکی پایەبەرز پێی وتین "گرفتی ئێمە لەڕووی ئابوری و سیاسیەوە ئەوەیە کەلە گەڵ یەکێتی ئەوروپادا بەشداربین یاخود نا، بەگشتی خەڵك پێیخۆش نییە تێکەڵ بین بەڵام ئەوەش خواستێکی جیهانییە و ناکرێ خۆمانی لێلادەین، هەروەها هەست دەکەین کە رێژەی بەتەمەنەکانمان روو لە زیادبوونە کە ئەمەش بۆ ئایندەمان مەترسییە، چونکە وڵاتەکەمان پێویستی بە گەنجی کارا هەیە تاکو داهاتی وڵاتمان روو لەدابەزین نەکات، بەتەمەنەکانمان ناتوانن بەرهەمهێن بن و باج زیادبکەن بۆ سەربودجەی گشتی و دەبێ خەرجیەکی زۆریان بکێشرێت، ئەمەش مەترسییە بۆ لایەنی ئابوری".

گرفتێکی تری ئەو وڵاتە لە زاری بەرپرسێکی ترەوە کە بەڕەگەز خەڵکی وڵاتێکی رۆژهەڵاتیە و ماوەی ٢٥ ساڵە لەو وڵاتەدا دەژی ئەوەبوو کە وتی " کاتێك لە دوورەوە و لە دەرەوە سەیری ئەم وڵاتە دەکەیت زۆر دڵڕفێنە، بەڵام لە ناوەوەی نزیك دەبیتەوە هەست دەکەیت خاڵییە لەسۆز و خۆشەویستی راستەقینە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان زۆر زۆر لاوازە و دەتوانیت بڵێیت هەرنییە، کوڕ و کچ ساڵانە دایك و باوکیان یەك جار



دەبینن، کەس هەقی بەسەر کەسەوە نییە، چەندین کەس لە ماڵی خۆیاندا مردون و بۆ ماوەیەکی زۆر کەس پێینەزانیون"، هەر لەو گەشتەدا چاومان کەوت بە کوردێك کەماوەی (١١)ساڵە لەو وڵاتەیە و خاوەنی (٥)منداڵە کەلە قوتابخانە و زانکۆدان، لە ژیانی خێزانی پرسیارمان لێکرد، وتی "من لە دووری شارەوە خانووم بە کرێگرتووە بۆ ئەوەی منداڵەکانم تێکەڵی هاوڕێی خراپ نەبن و ڕەوشتیان تێکنەچێت" ، ووتی "بەردەوام ئامۆژگاری منداڵەکانم دەکەم کە هەوڵی پاراستنی بەهاکانی خۆیان بدەن و نەچنە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵگایە بەتایبەتی لە ڕووی هاوڕێیەتی کچ و کوڕەوە"، ووتی بە ڕاشکاوی بە منداڵەکانم وتووە هاوڕێیەتی بکەن لەگەڵ کەسانی تر بەلأم نەگاتە سنوری پەیوەندی سێکسی چونکە ئەوە زیانتان پێدەگەیەنێت و باسی زیانەکانیان بۆ دەکەم.

گرفتی متمانە بەیەك نەبوون گرفتێکی کوشندەی ئەو خەڵکەیە و بەردەوام ژن و پیاوەکانیان بە گومانن لە یەکتری و تەواوی نهێنی خۆیان لای یەکتری نادرکێنن، تەنانەت ژن و مێردەکان یاخود بڵێین هاوڕێکان کە شەو بەیەکەوە دەخەون پارە و شتەکانی خۆیان لە یەکتری دەشانەوە ، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو تێڕوانینەیە کە هەموو کەس خۆی خۆشتر دەوێت و تاسەر ئێسقان بۆخۆی دەژی و خۆی پێگرنگترە لە هەر کەسێکی تر و لە هەموو شت.

بە دوور لەمانە زۆر دیمەنی سەرنجڕاکێشیش هەبوون کە سەرنجیان ڕاکێشاین لەوانەش:

* ڕێزگرتنی بێئەندازەیان لە یەکتری و لە ئێمە و لە یاسا و لە مرۆڤ و لە هەموو شتەکان.
* ڕێکخستنی جوانی کارەکان کە ئەوەی داواکاری و پرسیار و پێویستی بێت بۆ تۆ ئەوان پێشوەخت ئامادەیان کردووە و پرسیار و دواکاری نەماوەتەوە بۆ تۆ.
* ڕێکخستنی ژیان و ڕێگەوبان و دەزگا و جوانی شارەکان و ئەندازەیی بازاڕ و شەقام و پابەندبونی خەڵکەکەی بە یاساوە دیمەنێکی هەرە جوانی ئەو وڵاتەیە.
* ساکاری و سادەیی بەرپرسەکان و خاکی بونیان گەورەترین وانەبوو بۆ وەفدی ئێمە کە فێری ژیانی ڕاستەقینەبن و خۆیان بە دوور بگرن لە خۆ بەگەورەزانین و نەخۆشی مەسئولیەت کە خۆی بە سەرووی یاسا و خەڵك دەزانێت.
* ڕێزگرتنیان لە کلتور و بەهاکانیان و تایبەتمەندی خۆیان و پاراستنی تەواوی کەلەپوریان بە جوانترین شێوە کە بەوپەڕی شانازیەوە نمایشی ئێمەیان دەکرد و بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە دژی توانەوەی خۆیانن لە جیهانگەراییدا.

لەو بەسەرهاتە خۆشانەی کە لەو سەفەرەدا رویدا:

*ڕانەهاتنی ئەندامانی وەفدەکە بە خواردنی ئەوان کاتێك کە داوای خوادرنیان دەکرد هیچیان بەدڵ نەبوو، تاکو جارێکیان لە ریستۆرانتێکدا لێمان حاڵی بوون کە بە تەشت برنجیان بۆ هێنانین، وایان زانی ئیتر ڕازیمان دەکەن ، بەلأم ئەوەبوو بە چرکەیەك بەلەمە برنجەکە لوشدرا، داوای دوبارەکردنەوە کرا تاکو برنج لە چێشتخانەکەدا نەما، هەر داوا دەکرا تا لە کۆتاییدا وتیان، چاوەڕێ بکەن بۆتان لێدەنێینەوە.

* یان جارێکیتر لە ریستۆرانێکدا پیاوێکی قسەخۆشمان لەگەڵدا بوو، کچەکانی ریستۆرانتەکە دەهاتن دەیان ووت چیتان دەوێت؟ ئەویش ووتی وەڵا هیچمان ناوێت تەنها تۆمان دەوێت..
* جارێکی تر بە شەقامێکدا دوور لە شوێنی پەڕینەوە چەند کەسێك بێگوێدانە یاسا پەڕینەوە، سەیارەکان هەمووی ڕاوەستان و بەسەرسوڕمانەوە وەك شتێکی زۆر سەیر و سەمەرە تەماشای ئەو دیمەنەیان دەکرد.